وانەی یەکەم:

لە زمانی هەر نەتەوەیەکدا ئێمە شتێکمان هەیە بە ناو "ئەلف و بێ" کە بریتیە لە هەموو ئەو پیتانەی کە زمانەکە پێک دێنن و دەبنە شێوازێک بۆ نووسین،زمانی کوردیش هەر وەک زمانەکانی دیکە خاوەنی ئەم شتەیە هەر بۆیە من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی زانستی باسەکەنی بەشی ڕێنووسی و ڕێزمانی بخەمە ڕوو، هەر وەها هەوڵ دەدەم بۆ هەر وانەیەک بەشێکی فەرهەنگۆک دانێم کە خوێنەر لە واتای وشەکان حاڵی ببێ.لە گەڵ ئەوەشدا لە بەشی ڕاهێنان من لە هەر وانەیەکدا چەن پرسیار دادەنێم کە داواکارم بۆ پێش چوونی ڕەوتی کارەکە وەڵامیان بدەنەوە تا کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە لە زمانی کوردی،هەر وەها من بۆ واتای وشەکان لە زمانی فارسی کەڵک وەردەگرم چون زۆربەی خوێنەران شارەزای زمانی فارسین و وا باشتر لە بابەتەکان حاڵی دەبن.

زمانی کوردی بریتیە لە ٣٧ پیت کە ٢٩ پیتیان بێدەنگن و ٨ پیتیان دەنگدارن کە من لە سەرەتا دا پیتە بێدەنگەکان دەنووسم.ئەوەش بڵێم کە هەندێک بابەت و تێبینی هەیە کە پێویستە وەک لە بەر کردن لە بەری کەن و بە مێشکتانی بسپێرن.

پیتە بێدەنگەکان بریتین لە :

ئـ _ ب _ پ _ ت _ ج _ چ _ ح _ خ _ د _ ر _ ڕ _ ز _ ژ _ س _ ش _ ع _ غ _ ف _ ڤ _ ق _ک _ گ _ ل _ ڵ _ م _ ن _ هـ _ و _ ی

پیتە دەنگدارەکان بریتین لە :

ا _ و _ وو _ ۆ _ یـ ، ـی _ ێـ ، ـێ _ ـە،ە _ بزرۆکە

تێبینی:لە زمانی کوردیدا هیچ کات وشە بە پیتی دەنگدار دەست پێ ناکات و هەمیشە لە سەرەتادا پیتی بێدەنگ دێ،واتە خوێنەر دەبێ بزانێ کە ٢٩ پیتی بێدەنگی هەیە کە هەمیشە لە سەرەتا دێن و لە نووسیندا هەڵە نەکات.هەر چەن پێناسە کردنی شتێک لەوانەیە بۆ خوێنەر لە سەرەتادا قورس بێت و یا تەنانەت بچێتە بەشی ڕێزمانیەوە بەڵام من وەک خۆم بۆ زیاتر ئاگادار کردنەوەی خوێنەران ئەو کارەم کردووە.

پیت چیە: بچووکترین بەشی وشەیە کە دەتوانێ هەم بێدەنگ بێ هەم دەنگدار.

وشە: کۆمەڵێک پیت  کە بە یەکەوە واتایەی سەر بە خۆ دەبخش پێی دەوترێ وشە .

هەندێک جیاوازی لە نێوان زمانی کودری و فارسی لە پیتەکاندا هەیە، کە من بۆ وێنە  خشتەیەک دادەنێم کە زیاتر ئاگاداری جیاوازیەکان بن.

| ڕیز | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ١_ | ئـ | _ |
| ٢_ | ب | ب |
| ٣_ | پ | پ |
| ٤_ | ت | ت _ ط |
| ٥_ | ج | ج |
| ٦_ | چ | چ |
| ٧_ | ح | ح |
| ٨_ | خ | خ |
| ٩_ | د | د |
| ١٠_ | ر | ر |
| ١١_ | ڕ | _ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢_ | ز | ذ_ز_ض_ظ |
| ١٣_ | ژ | ژ |
| ١٤_ | س | س_ث_ص |
| ١٥_ | ش | ش |
| ١٦_ | ع | ع |
| ١٧_ | غ | غ |
| ١٨_ | ف | ف |
| ١٩_ | ڤ | _ |
| ٢٠_ | ق | ق |
| ٢١_ | ک | ک |
| ٢٢_ | گ | گ |
| ٢٣_ | ل | ل |
| ٢٤_ | ڵ | _ |
| ٢٥_ | م | م |
| ٢٦_ | ن | ن |
| ٢٧_ | و | و |
| ٢٨_ | هـ | هـ |
| ٢٩_ | ی | ی |

پیتە دەنگدارەکان

| ڕیز | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ١_ | ا | ا |
| ٢_ | ـە ، ە | ـــــَـــــ |
| ٣_ | و | _ |
| ٤_ | وو | و |
| ٥_ | ۆ | وِ |
| ٦_ | ـی ، یـ | ی |
| ٧_ | ـێ ، ێـ | ـــــِـــــ |
| ٨_ | بزرۆکە | _ |

تێبینی: هەر وەک دەزانن و لە  خشتەکەدا دیارە لە زمانی کوردیدا یەک دانە " س" هەیە واتە بە جێگەی (س،ث.ص) تەنها ئەم "س" بە کار دێ

هەر وەها لە زمانی کوردیدا یەک "ت " هەیە واتە بە جێگەی (ت.ط) تەنها ئەم "ت" بە کار دێ

هەر وەها لە زمانی کوردیدا یەک " ز " هەیە واتە بە جێگەی (ز.ظ.ذ.ض)

بە هەموو ئەمانەشەوە چەن پیتی بێدەنگ  هەن کە دەتوانین بڵێین لە زمانی فارسیدا شێواز و شکڵی نووسینیان  نیە وەک:

ئـ _ ڕ _ ڵ _ ڤ

دەتوانین بڵێین کە تایبەتن بە زمانی کوردی

هەر وەها نیشانەی تەشدید( _ّ ) کە لە زمانی فارسی و عەرەبی دا هەیە لە زمانی کوردی دا نیە و پیتەکە دوو جار دەنووسرێتەوە:

بۆ وێنە : محمد : محەممەد                بنا: بەننا

یا هەر لە کوردیشدا وشەی بڤڤە.......

چون ئێمە دەڵێن کە لە زمانی کوردیدا هەمیشە وشە بە بێدەنگ دەست پێ دەکا هەر بۆیە خشتەیەک درووست دەکەین کە بۆ فێر بوونی ئەم شتە ئاسانتر بێ

| وشە | بێدەنگ | دەنگدار | بێدەنگ | دەنگدار | بێدەنگ | دەنگدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بانە | ب | ا | ن | ـە | | |
| سۆران | س | ۆ | ر | ا | ن | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باران | ب | ا | ر | ا | ن | |
| ڕێژنە | ڕ | ێـ | ژ | ن | ـە | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |

ئەمە دەتوانین وەک یاسایەک لە زمانی کوردیدا بە کاری بێنین و بۆ نووسین کەڵکی لێ وەر بگرین

بۆ هەر کام لە پیتە بێدەنگەکان ٥ وشە بنووسن:

ئـ : ئارام _ ئاسمان _ ئاکۆ _ ئاسۆ _ ئاش

ب:

پ:

ت:

ج:

چ:

ح:

خ:

د:

ز:

ڕ:

ر:

ژ:

س:

ش:

ع:

غ:

ف:

ک:

گ:

ل:

ڵ:

م:

ن:

هـ :

و:

ی:

له کۆتاییشدا داوکارم وەڵامی ئەم پرسیارانە وەدەن :

١_ له زمانی کوردیدا چەن پیت هەیە و دەبنە چەن بەش؟ هەر کامیان جیاواز بنووس؟

٢_ ئەو پێتە بێدەنگانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە زمانی فارسیدا نین بیاننووسن؟

٣_ پیتانەی کە نیشانەی (  ) یان لە سەرە بیاننووسن؟

٤_ ئا لەم وشانەدا پیتە دەنگدار و بێدەنگەکان جیا بکەنەوە بۆ ئەوەش دەتوانن لە خشتەی دەنگەدار و بێدەنگەکان کەڵک وەربگرن؟

خاکەلێوە_ بانەمەڕ _ جۆزەردان _ پووشپەڕ _ گەلاوێژ _ خەرمانان _ ڕەزبەر _ خەزەڵوەر _ سەرماوەز _ بەفرانبار _ ڕێبەندان _ ڕەشەمە.

فەرهەنگۆک: پیت (حرف) وشە (کلمە) خشتە (جدول) ڕاهێنان (تمرین) وانە (درس) ڕێنووس(رسم الخط) ڕێزمان (دستور زبان) بێدەنگ (صامت) دەنگدار (مصوت) تێبینی (نکتە) قۆناغ (مقطع، مرحلە) بریتی( شامل) واتا (معنی، بە معنای)

لە کۆتایی وانەی یەکەمدا سپاسی هەموو خوێنەران و بەڕێزان دەکەم ئەگەر لە نووسین و بابەتەکاندا هەڵەیەکم کردووە ئاگادارم کەنەوە.

بە سپاسەوە ئامادە کردنی: هەستیار ڕۆستەمی